# مانگرتنی کریکارانی نەوتی بەصرە بۆ زیادکردنی کرێ و بەدژی گەندەڵی ئیداری دەولەت!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

15.000 هەزار لەکریکارانی نەوتی بەصرە، دەستیان بەمانگرتن کرد، وە هەرەشەیان لەدەولەت کرد ئەگەر بیت و کریکانیان بۆ زیاد نەکریت و داهاتی نەوتی عیراق بە یەکسانی دابەش نەکریت لەعیراقدا ئەوا نەك هەر دریژە بەمانگرتنەکانیان دەدەن، بەلکو چونە دەرەوەی نەوتی عیراق لەناوچەی باشورەوە دەوەستینن و لەوەش زیاتر ئەم حەرەکەتە خەریکە دەبێتە بزوتنەوەیەکی جەماوەری خەلکی باشوور، لەبەرامبەر گەندەڵی ئیداری حکومەتە دەستکردەکەی ئەمریکا لەعیراقدا.

تا بەمانگرتنی کریکاران دەگەریتەوە لەعیراقدا، هەر لەسەرتای دەستبەکار بونی ئەمریکا بۆ دروستکردنی حکومەتی دەستکردی خۆی، کەهەموو لایەنە قەومی و ئیسلامیەکانی کوردو عەرەب شەریك بکات بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامانی کۆمەلگای عیراق، لەسەر حسابی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش و لیسەندنەوەی پاروە نانی رۆژانەیان، کریکاران لەبەشە جیاوازەکاندا نارەزایەتی خۆیان بەدەولەت و خاوەن کارە تازەو پاشماوەکانی رژیمی بەعس، نەوەستاندوەو لەم رووەوە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و یەکیتی شوراو ئیتحادیە کریکاریەکان لەپشتیانەوە وەستاون، بەلام ئەم جارەیان ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە گەورە ترو لەبربرە پشتی دەولەتەکەی جعفری جەلالەوە دەستی پیکردوە، کە ئەویش کریکارانی نەوتە، بەهەزاران لەکریکاران نەك تەنیا بۆ خواستە صنفیەکانیان بەلکو بەخواستی سیاسیەوە هاتونەتە مەیدان و هەرەشە لەدەولەت دەکەن کە تواناى بەریوەبردنی کۆمەلگای!



رۆژی 17-7-2005 داخستنی دەرگای شەریکەی نەوتی بەصرە پاش ئەوەی کە 15.000 لەکریکاران مانیان گرتوە

کریکارانی نەوتی بەصرە، وەك باقی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش کەرۆژانە ئارەقی ناوچەوان و هیلاکی و دەست و قاچ قرتان و قورسی کاری تاقەت پرۆکین و کەوتنە بەینی دوو بەرداشی تیرۆریزی ئەمریکا و ئیسلامیەکانەوە، تواناى لەبەربریون و ماندوی کردون و پاروە نانیك کەپەیدای دەکەن بەشی خۆیان و مندالیان ناکات، دەولەتە دەستکردەکەی ئەمریکا ئەوەشیان پێ رەوانابینیت و دەیەویت ئەوەش دابەش بکات بەسەر حزب و لایەنە قەومی و ئیسلامیەکانداو لەناوچەکانی کەخۆیان مەبەستیانە.

لەبەرامبەر ئەم گەندەلیەی دەولەت لەسەرتاسەری عیراقدا بەکوردستانیشەوە، رۆژانە بزوتنەوە نارەزایەتیەکانی کریکاران و جەماوەری زەحمەتکیش بۆ خواستەکانیان بەتەقە وەمیان دەدریتەوە، هەر ئەمرۆ لەسلیمانی دەستەو دایەرەکەی جلال تالەبانی بەتەقە وەلامی خواستەکانی شوفیرەکانیان دایەوە، لەسەرەتای ئەم مانگەدا وەلامی بیکارانی مسەیب، کەداواکاری پەیدا کردنی کاربوون بەبەرچاوی منالّ و هاوسەرەکانیانەوە بەردەستدریژی گولە دران و لاشەیان لەخوین هەلکیشرا، نارەزایەتیەکانی خەلکی رانیەو ماموٚستایانی کوردستان و نارەزایەتیەکانی قوتابیان و لاوان و هەر ئیستا نارەزایەتیەکانی خەلکی ناوچەکانی بەغدادو بەصرە وعەمارە و مسیب بۆ کارو ئاوو کارەبا و لەبەرامبەر گەندەلی ئیداریدا رۆژانەیە و ئیدامەی هەیە، ئەوەتا کۆمیتەی بەرگری لەپاروە نانی رۆژانە لەناوەنی شاری بەغدادا، دروست بووەو شیعاری ( ئەگەر دەسەلاتێك نەتوانیت ئاو دابین بکات بۆ خەلکی ئەبێت بروات ). هەروەها بەبلاوکردنەوەی بەبیانات و بونی پشتگیریەکی زۆر لەلایەن خەلکەوەو دانی شیعاری برۆخی حکومەتەکەی جعفری ناوەندی شاری بەغدای هەژاندوە.



ناوەندی شاری بەغداد رۆژی 2005-7-13 بەبەرزکردنەوی شیعاری (ئەگەر دەسەلاتێك نەتوانیت ئاو دابین بکات بۆ خەلکی ئەبێت بروات) و ( برۆخی حکومەتەکەی جەعفەری، لەلایەن کۆمیتەی بەرگری لەپاروی رۆژانەی خەلکی عیراق.

کریکاران بەوەشەوە نەوستاون و لەبەرامبەر گەندەلی ئیداری و بەئاشکرا دزینی سەروەت و سامانی کۆمەلگاوە بیدەنگ نەبوون و ئەوەتا هەرەشەی خۆیان بەردەوام بەگوێی دەولەتدا دەدەن و لەیەکی ئاياریشدا ئەم پەیامەیان خستەبەردەم، ئەوە دەلیی ئەوەیە ئەحزابی رەنگاو رەنگی بۆرژوا قەومی و ئیسلامیەکانی کوردو عەرەب نوینەری خەلکی عیراق و کوردستان نین و ناتوانن کۆمەلگا بەریوە بەرن و بەشیکن لەسیناریۆی رەشی کۆمەلگاو ئەوە ئەمان و هیزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانن، کۆمەلگایان خستۆتە نیوان شەری هیزە تیرۆریستیەکانی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسیەوە.

هاتنەن مەیدانی کریکارن بەخواستی صنفی و سیاسیەوە، پەیامیکە کەئیتر کۆمەلگا ناتوانیت لەوە زیاتر بەدەست دەستەوقامی چەقۆکیشی ئیسلامی و قەومیەکانی نوینەری ئەمریکاو شەری تیرۆریستانەوە ئیدامە بدات، پەیامیکە رزگاری کۆمەلگا بەندە بەهاتنە مەیدانی چینی کریکارو ریکخراو بونی جەماوەر لەدەوری سیاسەت و ئەلتەنایفی کۆمۆنیزمی کریکاری، بۆ دەرچون لەگەندەلی ئیداری دەولەتی دەستکردی ئەمریکا و سیناریۆیەکی رەش کەیەخەی کۆمەلگای ئەمرۆی عیراق و کوردستانی گرتوە، هەروەها ئەو ریگایەیە بۆ ئەوەی کریکاران بتوانن داواکاری و خواستەکانیان بەدەست بهینن.

17-7-2005